# ئەوکاتەی عێراقی بون
# کوردستانی بونمان کاڵ دەکاتەوە !!!

**هوشیار عزیز**
hoshyaraziz@hotmail.com

ئەگەرچی من زۆر بەکەمی تەماشای یاری تۆپی پێ دەکەم, بەلاّم لە گێمی دوەمی یاری کۆتایی نێوان عێراق و سعودیەدا زۆر بە حەماسەتەوە تەماشام کرد,ئەوەش نەك لەبەرئەوەی بەیاری نێوان هەڵبژاردەی ولاّتی خۆم ولاّتێکی دیکەی بزانم و پەرۆشی بمگرێت بۆسەرکەوتنی هەڵبژاردەی ولاّتەکەم,چونکە من هەرگیز نەعێراق و نەهەڵبژاردەکەشی بەیاریزانە کوردەکانیشەوە بە هی خۆم نازانم,بەلاّم لەم یاریەدا زیاترلەبەرئەوەحەزم کردعێراق بیباتەوە چونکە بەرانبەرەکەی ولاّتێکی داخراو و سەرچاوەی تیرۆر و ئوسوڵیەتی ئیسلامی بو, بۆیە ئەو ولاّتەم بەشایستەی بردنەوە نەدەزانی هەروەك چۆن عێراقیش شایستەی ئەو بردنەوەیە نەبو, لەم نێوانەشدا بە ناچاری پێم خۆش بو ولاّتێکی ناشایستە بیباتەوە تا ناشایستەترین ولاّت. کەعێراق بردیشیەوەهیچ خۆم تێك نەداوخۆشحاڵیش دای نەگرتم وهاواریشم نەکرد, تەنها ئەوەندەم وت شوکر سعودیەی سەرزەمینی جەهالەت وسعودیە جەهالەت پەرست و ناشایستەکان بە ژیانی ئەم سەردەمەئەوسەرکەوتنەیان بە نسیب نەبو کە شایستەی نەبون.

ئەم حاڵەتەش هەندێك جارئەیخستمەسەر جۆرێك لە سەرزەنشت و ڕامانێك لەو هەستەی خۆم کە ئایا ئەوە هەستێکی نامرۆڤانەو کوێرانەو شەیتانیانە نیە کە هانم دەدات و ئاسودەم دەکات بە نائاسودە بون و بە ئاوات نەگەیشتنی ئەوانی تر؟

وە ئایا ئەم هەستی خۆشحاڵ بون وئاسودەبوونەبە دۆڕاندن و داڕوخانی خەون و ئاواتی ئەوانی تر تاچەند وێك دێتەوە لەگەڵ ئەو ڕۆحی مرۆڤ بون و بیرو باوەڕی مرۆڤ دۆستیەی لاڤ پێوە لێدەدەم وئەو خەونەی کە بە دونیایەکەوە دەیبینم گورگ و مەڕ تێیدا پێکەوە ئاو بخۆنەوە ؟؟

هەرخۆم دەگەیشتمە قەناعەت کە ئەگەرچی ئەم جۆرە هەست و حەزو ئارەزوانە بەدەر نین لەجۆرێك لە هەست وحەزوئارەزوی کوێرانەو نامرۆڤانە ,بەلاّم دەیشمزانی کەئەوە کاردانەوەی ئەوحەزو ویستە نامرۆڤانەیەی ئەوانە کە بەدرێژایی مێژویان لە سەردەمی فتوحاتەوە تا ئێستا پیادەیان کردوە لەسەر ئێمەی کورد و دەرئەنجامی ئەوەش یەکسان بوە بە سڕینەوەو لەناوبردنمان بە هەموو مانایەك و گرفتار کردنمان بە داستانی بێ بڕانەوەی نەهامەتی و کوێرەوەری.

بۆیە لە پشتی ئەم هەست و حەزو ئارەزووەوە پاڵنەرێك هەیە کە ناچار بەو حاڵەتەمان دەکات و جۆرێك لە شەرعیەت بەخۆدانمان تێدا دەڕوێنێ .

حەزو ئارەزوم بەرانبەر عێراقیش لەوەکەمتر نەبو چونکەلەگەڵ ئەمیشدا مێژویەکی خوێناوی وقێزەون و یادەوەری زۆر تاڵ پێکمانەوە گرێ دەدات بۆیە هەستم بە خەمێکی گەورە کرد کاتێك بینیم ئالاّکەی بەعس لە گۆڕەپانی یاریەکەدا دەشەکایەوە,هەستم دەکرد ئەو ئالاّیەی لەو شوێنەدادەشەکێتەوە هەمان ئەوئالاّیەیە کەلەسەرشاخ وکێوەکانی کوردستانی دوای کیمیاباران وئەنفال وقڕکردنی کورد دەشەکایەوە .

**لەنێوان ماڤ هەلهەلە کێشان وخەم لە هەلهەلە کێشان**

عەرەبە عێراقیەکان و ئەوانەی عێراقی بوون ناسنامەیەکی شەرافەتمەندانەی پڕ لە شانازی خستۆتە گیرفانیانەوە(بەتایبەتی لەسەرئاستی ولاّتانی عەرەبی وپانتایی هەست وبیری عوروبەوناسیۆنالیزمی عەرەبیدا)ماڤ خۆیانە سەمابکەن وهەلهەلە بکێشن وئالاّی عێراق لە خۆیانەوە بپێچن وبەڕادەیەك خۆشحاڵ بن کە بەگریان تەعبیری لێ بکەن,بەلاّم ئەوەی جێی سەرنج و تێڕامان وخەمێکی گەورە بو ئەو شایی و هەلهەلەو دروشم کێشان وهەڵکردن و لە خۆوە پێچانەی ئەو ئالاّ قێزەونە بوکەزۆربەی زۆری شارەکانی کوردستانی گرتەوە بەهەڵەبجەی شەهیدیشەوە .

ڕەنگە هەندێك پێیان وابێت ئەم جۆرە دیاردانە دەرئەنجامی بونی ئازادی و دیموکراسیە لە ولاّت دا و هەموکەسێك ماڤ ئەوەی هەیە چۆنی بوێت ئاوا تەعبیر لە ڕاو بۆچون و خۆشی و ناخۆشیەکانی بکات و مەراسیم و بۆنەی بۆ ساز بدات .

بەلآم من پێم وایە ئەمە کاتێك دیاردەیەکی ئاسایی و تەندروست وسەلمێنەری بونی فەزایەکی ئازاد و دیموکراسی دەبو ئەگەرئەومێژوە خوێناویەو ئەو پەیوەندیە ناتەندروست و نایەکسان و نائینسانیە و ئەوناموٚییە کوشندەیە لە نێوان ئێمەی کوردو ئەوانی عەرەب و ئێمەی کورد وئەو ئالآیەدا نەبوایە .

ئەگەرچی زوٚربەمان بە بەرزکردنەوەو ڕاوەشاندنی ئەوئالآیە لەلایەن گەنجانی کورد و عەرەبە کرێکار وپەنادراوەکانی کوردستانەوە تا ناخی ناخەوە ئیستفزاز و بریندار بوین کەچی دانیشمان بە خوٚماندا گرت و لە گوڵێك کاڵتریشمان پیٚ نەگوتن کە ئەم هەڵسوکەوتە جوانترین و شارستانی ترین هەڵسوکەوت بو نواندمان جائەوە لە بونی هوشیاریەکی ئەخلاقی و دیموکراسیانەو شارستانیانەوە بوبێت یان لا ئیرادی بوبێت .

هەندێکی تریێیان وابو ئەو دیاردەیە نیشانەی ئەوەیە کە تا ئێستاش بەشێکی زوٚری خەڵکی کوردستان سەرەڕای نەهامەتیەکانی عێراقی بونیان و نایەکسانی و ناداد پەروەری لەو عێراقیبونەیاندا کەچی هێشتاعێراقیێتی لە خوێنیاندا قوڵپ دەدات و بەدڵ وگیان خوٚیان بە عێراقی و کوردستان بەبەشێك لە خاکی ئەو عێراقە دەزانن , بەلآم من پێم وایە ئەوە بەشێکی زوٚر بچوکە لە ڕاستیەکان و, ئەوەی بەشێکی زوٚر گەورەیە لە ڕاستیەکان ئەوەیە کە بزوتنەوەی سیاسی کورد و سەرجەم دام و دەزگاو دامەزراوەکانی ئەم هەرێمە نەیان توانیوە وەك پێویست خەڵکی ئەم هەرێمە(بەتایبەتی گەنجان و تازە پێگەیشتوان) بەڕوٚحی کورد بون و شانازی بە کوردبون وکوردستانی بون وڕوٚشنبیری نەتەوایەتی و هوٚشیاری نەتەوایەتی گوٚش بکەن و پەروەردە بکەن .

ئەم کەمتەرخەمی و دەست کورتیە لە بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکە نەتەوەیی و ئەخلاقیەدا دەرئەنجام و زیانەکانی هەرئەوە نابێت کە لە بردنەوەی یاریەکدا خوٚی نمایش دەکات,بەڵکو مەترسیەکەی کاتێك دەردەکەوێت کە کورد جارێکی دیکە ڕوبەڕوی داگیرکردن و گەڕانەوەی دەسەلآتی توٚتالیتاریانەی عەرەبی دەسەلآتداری عێراق ببێتەوە,ئەوکات ڕەنگەڕو بەڕوی دوو ئەگەری ترسناك ببینەوە کە یەکەمیان نەبونی هوشیاری و ڕوٚشنبیری دەربارەی نەتەوەو نیشتیمان وماف وئازادیەکانی و کەرامەتی نەتەوەیی و نیشتیمانی و بەرگری کردنە لێیان , دووەمیشیان لاوازی یان نەبونی ئەوهوٚشیاری و ڕوٚشنبیریە هوٚکارێك بێت بوٚ ئەوەی پاڵ بەو کەسانەوە بنێت ببنەوە بەبەشێك لەو دەسەلآتە و خوٚیان بدەنە دەست ویست و ئیرادەی ئەو ڕژێمانەو بچنە سەنگەری دژی نەتەوەکەی خوٚیانەوە ,کە لەوبارەیەوە ئێمە ڕابردویەکی دورو درێژ وئەزمونێکی تاڵمان هەیە,بەداخەوە .

لەنێوان کوردستانی بون وعێراقی بون دا

ئێمە بەشی ئەوەندە لە سیاسەت و مومکیناتی سیاسی و بارودوٚخ و مەوقیعیەتی جیوٚپوٚلەتیکی کوردستان و زروف هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی تیٚ دەگەین و دەزانین کە عێراقیەکی ناچارین و دەبێت قەناعەت بەو عێراقی بونەشمان بهێنین , پێمان خوٚش بێت یان نا,چونکە هیچ چارەیەکی ترمان نیە,بەلآم خوٚ دەبێت لە عێراقی تازەدا و لە عێراقی دوای ڕژێمی بەعسی شوٚڤێنیدا لە بەرانبەر لە خوٚ بوردویی و دەسبەرداربونی ئێمەدا لە زوٚر لە ماف و داخوازیە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانمان و لێخوٚشبون و لێبوردن لەو هەمو زوڵم وکارەسات و تراژیدیایە و ئامادەیی دەربڕین بوٚ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی نویٚ لەگەڵیاندا ,ئەوانیش هەندیٚ لە خوٚبوردویی بنوێنن و کەمێك دەسبەرداری لوت بەرزی و برا گەورەیەتی ومافی سەروەرێتی و سەردارێتی خوٚیان بن و ئەو ماف و داخوازیەڕەوایانەی کەلە چوارچێوەی ئەم ولآتەدا دەمان کەوێت بسەلمێنن و بە شایستەیمان بزانن , سەرەڕای داوای بەخشین و لێبوردن کردن لەو هەمو زوڵم و ستەمەی بە ناوی سەروەرێتی عێراق و عروبەوە دەرحەق بە ئێمە کراوە و دڵنیا کردنەوەمان لەوەی کەئیتر ئەوان بەشێك نین و نابن لەو مێژوە خوێناویەو لەو سیاسەتە چەوت و نا ئینسانیە و ئەوان نەوەی سەردەمێکی نویٚ و سیاسەت و ئەخلاقێکی نوێی سیاسین و هەرگیز ناچنەوە سەر سروشت و ڕابردو ی سیاسی و شوٚڤێنیانەو لوت بەرزانەی خوٚیان .

بەلآم ئەوەندەی سەرنجمان دابێت و لێی تێگەیشتبین ئاماژەکان لە خزمەتی ئەو خوٚشخەیاڵیەدا نین بە عێراقێکی لەو شێوەیەو جیاواز لە عێراقی پێشوو .

ئەوەندە هەیە کە عێراقی ئەمجارە بەناوێکی تر و پاساوی تر و ڕێو شوێن و میکانیزمی تر و ئەکتەری ترەوە درێژە بەو ڕابردوەی خوٚی دەدات و شەرعیەت بەو سیاسەت و بەرنامە و پلانانەی خوٚی دەدات .

بوٚیە گرنگە دەسەلآتی سیاسی کوردی بە هەموو پێکهاتەکانیەوە و دام و دەزگاو دامەزراوەکانی تری دەرەوەی فوٚرمی دەسەلآتی سیاسیش بە شێوازی کار و بەرنامەکانی خوٚیاندا (تایبەت بەو مەسەلەیە) , بچنەوەو پشکنینێکی ورد و دڵسوٚزانە بکەن بوٚ دوٚزینەوەی گرفت و ئاستەنگ و

کێشەکان و دیاریکردنی چارەسەر بۆیان .

ئەبێت نیشانەی پرسیار و سەر سوڕمانیش لەسەر ئەو حاڵەتە دابنێین و لە خۆمان بپرسین , بۆچی زۆربەی هەرەزۆری ئەوانەی هەڵدەپەڕین و هوتافی (عێراق , عێراق) و ( بژی عێراق) یان بە حەماسەتێکی زۆر و زیاتر لە حەماسەتی عەرەبەکان دەکێشا گەنج و هەرزەکاری تازە پێگەیشتو بون ؟!

ئایا ئەو گەنج و مێر منداڵانە تەنها وەرزش دۆستی و هۆگری و خۆشەویستیان بۆ وەرزش و تۆپی پێ وای لێ کردبوون ئەو کارە بکەن یان هۆکاری ترلەئاراداهەبون؟؟

ئەی بۆچی ئەوگەنج ولاوانەی تر کە تەمەنیان لەسەرو بیست ساڵەوە بو کەمتر و زۆر دەگمەنیش بەشداری ئەو مەراسیمی هوتاف کێشان و هەڵپەڕینەیان کرد ؟

ئایا هۆکارەکەی ئەوەیە کە ئەوان هوشیاری نەتەوەیی و ڕۆشنبیری نەتەوایەتی و هەست کردن بە جیاوازیەکانی نێوان ئێمەی کورد و ئەوانی عەرەب لە شانازی کردن و خاوەندارێتی عێراقدا وای لێ کردبوون بێدەنگی و تەریکی و دوورەپەرێزی هەڵبژێرن یان بۆ ئەوەش دیسان هۆکاری دیکە لە ئارا دا هەیە و ئێمە درکی پێناکەین؟؟

ئە گەرچی من هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نیم وەرزش و سیاسەت تێکەڵ بەیەك بکرێن , بەڵام چی بکەین ئێمە ئینسانەهای وڵات و کۆمەڵگایەکین کە سیاسەت چۆتە ناو لاپەڕەودێڕ بەدێڕی کتێبە پیرۆزەکان و قوتوی شیری منداڵ و دڵۆپ دڵۆپی ئەو بارانەشەوە کەلەوەتەی سروشت و ژیان هەیە لە ئاسمانەوە هێدی هێدی دێتەخوارەوەو ژیان دەنوسێتەوە و سروشت دەڕازێنێتەوە بەبێ ئەوەی هیچ منەتێکیش بکات .

بۆیە لە وەها وڵاتێکدا شتێکی نامۆ نیە کە وەرزشیش وەك کایەیەکی گرنگ بارگاوی بکرێت بە سیاسەت و تا ڕادەیەکی زۆریش سیاسەت دەستی هەبێت لەئاڕاستەکردنیدا .

لێرەوە یە کە ئێمە دەبینە هەڵگری خەمێکی گەورە و ترس و گومان و دودڵیەکی قوڵ بەرانبەر بە ئاستی ڕۆشنبیر ی و هۆشیاری و دڵسۆزی و ئینتیمای ئەم نەوە تازەیە بە کارەسات و ماڵ وێرانی و نەهامەتی و قوربانیەکانی ڕابردوی خۆی و چەمك و بەها و پیرۆزیە نەتەوەیی و نیشتیمانیەکانی و گیانی بەخۆنازین و شانازی بەخۆکردنی وەك کورد و خۆبە شایستە زانینی بۆ ئایندەیەکی ڕون و گەش .

هۆکارەکانی ئەم بارودۆخە مەترسیدارەش بە پلەی یەکەم دەکەوێتە سەرشانی هەردو پارتی سەرەکی و ئەو ڕێکخراو و دام و دەزگاو ناوەند و سەنتەرانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەو مەسەلەیەوە هەیە .

ئەرکی وەزارەت و دام و دەزگا حکومیەکانیشە کەلەو بارەیەوە دیراسەی وردو بابەتیانە بکەن و پەنجەکانیان بە جەرائەتەوە لەسەر گرفت و ئاستەنگەکان دابنێن و بیر لە چارەسەری بکەنەوە تا کێشەکان و کەم و کوڕی و کەمتەرخەمیەکان لە کارەسات نزیك نەبوونەتەوە .

چونکە ئەگەر ئەو گرفت و ئاستەنگ و بۆشایی و درز و کەلێنانە چارەسەر و پڕ نەکرێنەوە ئەوە ناتوانرێت نەتەوەیەکی بەهێز و پۆڵایین دروست بکرێت کە توانای بەرگەگرتن و ململانێ و تەحەدای ئەو هەموو دوژمنە سەرسەخت و تینو بەخوێنی کوردەی هەبێت کە دەورەیان داوە و ئایندە یەکی ڕوون و ژیانێکی سەربەرزانەو شەرافەتمەندانە نەتەوەیەك لەخۆی ناگرێت کە نەتوانێت کەرەستەکانی ئەو ئایندەیەو ئەو ژیانە شایستەیە دابین بکات و ئەو شایستەییە لە خۆیدا بسەلمێنێ.